ژنە ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی لەنێو دادگا تیرۆر کرا

نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 26ـی کانوونی یەکەمی 2024, ڕۆژنامەنووسی لوبنانی عەبیر ڕەحال بەهۆی فیشەکێکەوە کە بەر سەری کەوتووە گیانی لەدەستدا و لەلایەن هاوسەرەکەی بە ناوی خەلیل مەسعوود تەقەی لێکراوە دواتر هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە.

بەگوێرەی زانیارییە ناوخۆییەکانی میدیا لوبنانییەکان، ڕووداوەکە لەناو دادگای شه‌حیمی ناوچه‌ی خروب له‌ پارێزگای جه‌به‌ل لە لوبنان ڕوویداوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکە سکاڵای جیابوونەوەی لە دژی هاوسەرەکەی تۆمارکردبوو، بڕیاربوو مانگی داهاتوو دانیشتنەکە بەڕێوەبچێت، بەڵام لەکاتێکدا لە دادگا بوون، هاوسەرەکەی لە دەرگای بیناکەوە تەقەی لێکردووە و کوژراوە، دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە، دواجار دوای دوو کاتژمێر زیاتر لە ئەنجامدانی تاوانەکەی، مەسعود تۆمارێکی ڤیدیۆیی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و تیکتۆک بڵاوکردەوە و تیایدا وردەکاری ناکۆکییە کەسییەکانی خۆی لەگەڵ هاوسەرە میدیاییە کۆچکردووەکەیدا بڵاوکردەوە، بەتایبەتی ئەو ناکۆکییە داراییانەی کە پەیوەندییان بە کارکردن لە ماڵپەڕێکی ناوخۆییەوە هەیەوە کە هاوسەرەکەی دامەزراوە.